# هەڵوەشاندنەوەی سێنتەر لەگوتاری هەولێریدا

نیهاد جامی

بۆچی ئەو ڕەخنانەی لەژیانی ڕۆژانەدا ئاراستەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی وشارێکی دەکەین، تاسای ئەوە ناکەین، ئەو ڕەخنانە بگوازینەوە ناو نووسین؟ ئایا هۆکارەکەی هەرئەوەیە کەلەئاخاوتندا دەتوانین بەچەند ووشەیەك ڕەخنە بگرین‌و بچینە سەرباسێکی تر، کەچی لەنووسیندا دەبێت قسە لەهۆکارودەرەنجامەکانی واقیعێك بکەین؟ ئایا کەوا ناکەین ئەوە ترسە لە نووسین یان نەبوونی توانایەکە بۆ گەیشتنە ئەو دیومانای شاراوە؟ لەنێوان نووسین‌وئاخاوتن جیاوازیەکی جەوهەری هەیە، ئەگەر ئاخاوتن بەدەربڕینە بونیادگەریەکەی موفرەدەیەکی تاك بێت لەناو زمان، ئەوا نووسین توانای خولقاندنی زمانی هەیە، ئەوەش مانای وایە نووسین ڕووبەرێکە بۆ نووسینەوەی زمان، کاتێ ئاخاوتن ناتوانێ لەناو ئاستی دەنگیدا ئەو واقیعە کۆمەڵایەتیە بخوێنێتەوە، ئەوا نووسین ئەو ئاستە دەنگیە دەکاتە زەمینەیەك بۆ خوێندنەوە، بەمانای ئاخاوتن دەبێتە بونیادێك لەناو نووسین، بەڵام بونیادێکی سەرەکی نییە، هێندەی ئاستی دەنگی ئاخاوتن لەناو نووسین بەشداریی لە ئاماژەو بە ڕەمز بوونی دیاردەکان دەکات، نووسین ئاستی دەنگی دەگەڕێنێتەوە بۆ ڕابردوو، لە وێوەش ئەو ئاستە لەناو چەمك‌و زاراوەکان دەتوێنێتەوە، بۆئەوەی بگات بەستراتیژی گوتار، ئەوەش دۆزینەوەی ئەو نهێنیەیە کەلەژیانی ڕۆژانەدا دێتە نێوگفتو گۆکانمان، بێئەوەی گفتوگۆیەك بخولقێنن، کەلەسەر هەڵمالینی دەمامکەکانەوە وەستا بێت‌وخۆ فریو نەدەین بە دەمامکەکانی سەردەم.

دیاری قسە نەکردن لەدیاردە کۆمەڵایەتیەکان پەیوەندیی بەترس لەنووسین نییە، چونکە تاکو ئێستا لەلای ئێمە نووسین وەك بەرپرسیاریەتیەکی ئەخلاقی سەیر نەکراوە، بەڵکو ئەوەیان بۆ نەبوونی تواناکان دەگەڕێتەوە، ئەگەر چی چەند نووسینێك لەوبوارەدا نووسراون، باژمارەشیان کەم بێت، بەڵام توانیویانە ڕێز لەئەخلاقی نووسین بگرن، ئەو ڕێزگرتنەش بۆتە ڕێزگرتن لەخوێنەر، بەڵام ئایا ئەوکارەی ئێمە لەو نووسینەدا ئەنجامی دەدەین بەرەنجامی توانایە بۆئاشکراکردن یان هەستکردنە بە بەرپرسیاریەتی نووسین؟

دەشێ هەر یەکێکیان بێت ئەوە خەونێك بێت بۆ هەر نووسەرێك، بەڵام ئەوەی بەلامانەوە گرنگە بەدەر لەو دوو گریمانەیەی پرسیار، بەدواندنی دیاردەیەکی ناو ژیانە، دیاردەیەك ڕووبەروومان دەبێتەوە، بەڵام بوێری ئەوەمان تیا نییە بیگوازینەوە ناو نووسین، کەیەکێك لەهۆکارە سەرەکیەکان پەیوەندیی بەو تێگەیشتنەوە هەیە، نووسین لای ئێمە پەنا بردنە بەر دیاردە وڕووداوە مەزنەکانەوئەوانیتر بەپەراوێز دەخرێت، وەك بابەتی لاوەکی سەیر دەکرێت، بەڵام چۆن جارێکی تر ئەو بە پەراوێز کراوانە دێنینەوە ناو نووسین؟ مەبەست لەو کارە چییە؟ هێنانەوەی بابەتە پەراوێز کراوەکان بۆناو نووسین پەیوەندیی بە خەتەرناکی ئەو ئاخاوتن‌وگوتەزایانە هەیە، بەوەی پێمان وابێت ئەوانە بابەتی نووسین نین، بەڵکو نووسین دەبێت خۆی لەبابەتە چارەنووس سازەکان بدات، ئەو تێگەیشتنە تێڕوانینێکی سیاسیەوئایدیای دەست نیشانکراو لەپشتیەوە ئیشدەکات، کەتوانای دەسخەڕۆدانی ڕێژەیەکی زۆری گروپ‌ونوخبە هەمە جۆرەکانی هەیە، ئەوە تەنها ڕووداوە هەنووکەیەکان نین کەپەیوەستن بەژیانی ئێمەوە، بەڵکو کۆی ئەو ئەگەروگریمان‌و گفتوگۆیانەش کەلەناو شوێنە گشتیەکان بەشەرمەوە یان بەلەخۆبایی بوونەوە ئاماژەیان بۆدەکەین، دیاردەی هەنووکەین‌و دەبێ بیان هێنینە نێو نوسین، هەرلەسەر نووسینی سەر دەرگاودیواری ناو ئاودەستخانەکان تا دەگاتە ناوهێنان وکورتکردنەوەی شارەکان بەوەی هاوڵاتیانی شاری سلێمانی مۆدێرنن‌و هاوڵاتیانی هەولێر پێکهاتەی خەڵکێکی دوا کەوتوون.

دیارە ئەو ناونانە پرۆسەیەکە بۆ کورت کردنەوەی شارێك‌و دەسبەرداربوون لەهەموو ئەو چالاکی‌وگەشەو دواکەوتنەی کە شاری کوردیی لەلایەك‌وهاوڵاتیان لەلایەکی ترتێیدا دەژین، بۆیە لەئێستاداکورتکردنەوەی سلێمانی وەك شارێك کە ڕەمزی مۆدێرنیتی دنیای کوردیی بێت، ئەوە ستایشکردنی ئەو شارە نییە، هێندەی لەلایەك دەیەوێت قسە لەجۆری ژیان‌وپەیوەندیی کۆمەڵایەتی‌وئابوری‌وفەرهەنگی ئەو شارە نەکرێت‌ولەلایەکی تر ئەو کورتکردنەوەیە ستایشکردنی دەسەڵاتی سیاسیە، نەوەك دەسەڵاتی فەرهەنگی‌و کۆمەڵایەتی ئەو شارە، وەك چۆن ناوبردنی هەولێریی بەکۆمەڵە بەشەرێکی دواکەوتووی خێڵەکی ناو بردنێکە چەندە دەیەوێ ئەو دەسەڵات سیاسیە لەهەولێر نابودی بکات، لەهەمان کاتدا شەڕێکە لەژێرناوی شاردا دەیکات، هەرکاتێك بمانەوێ نەکەوینە ناو ئەو فریودانە دەبێت لەدەرەوەی ئەو عەقڵەوە ئیش بکەین، ئەوەش بەگەڕانەوە بۆناو نووسین دەتوانین ئەو کارەبکەینە دەروازە بۆناو دنیایەکی تر، سەرەتا پێویستمان بەوەیە لەبڕی ستایشکردنی شار ستایشی نووسین بکەین، بەوەی نووسین دەمامك ناخاتە سەرمان بۆئەوەی بڕوای ئەوەمان لەناو درووست بکات، کەلەناو کۆمەڵگای کوردیی ململانێی ژیاروسەلەفی لەئارادایە، نا بەڵکو پێویستە ئەو بیانوە ئایدیۆلۆژیە هەموو دەمامکەکانی لەڕێگەی نووسینەوە لەسەر ڕووی فڕێ بدەین، بەوەی کایەکانی کۆمەڵگای کوردیی هێندەی خەسڵەتی لێکچوونی دەنگەکانی‌تیایە، ئەوە بەهیچ شێوەیەك هەوڵ نەدراوە بۆ بونی دەنگە جیاوازەکان، ئەو دەنگانەش کەدەیانەوێت هەستی بەر پرسیاریەتی بۆ جوانکردنی شار لەلایان دهۆکیەك بخەنە سەر

هەولێریەك، لەڕاستیدا ئەوەشیان دەمارگرژیەتی خێڵەکیەو دەیەوێ بەهەمان شێوەی دەسەڵاتی سیاسی ئەمجارە کێشەکە لەسەر دانیشتوانی شارەکان کورت بکاتەوە، کەدیارە قسەکردن لەهەریەك لەشارە کوردیەکان بابەتی نووسینی سەربەخۆن وپێویستمان بەوەیە بەقبووڵ کردنی گیانی جیاوازی قبوول کردنەوە لەشاری کوردیی بدوێین، کەئێمە هەربەو مەبەستەش لەو ووتارەدا هەوڵ دەدەین لەسەر پەیوەندیی دواکەوتویی شاری هەولێر بێینە دوان، شەرم لەوە ناکەین لەو بابەتە  قسە بکەین، شەرم بوون لەوێدایە کەجورئەتمان نەبێت لەشاری خۆمان بدوێین‌و بێدەنگی لێ بکەین بۆئەوەی نەبینە مایەی سوکایەتی ئەوانی تر، لەکاتێکدا ئەوە بیر خۆمان دەبەینەوە کەشاری کوردیی شارێکی مۆدێرن نییە بەمانای شاربوون، بەڵکو شارێکە خۆی نوقمی مۆدێرنیتی کردووە، کەلەکاتی پێویست بۆ مۆدێرنیتی شاری کوردیی دەگەڕێینەوە سەری.

شاری کوردی شارێکی دووفاقە لەنێوان شاری مێژوویی‌وشار بەمانا مۆدێرنیتیەکەی، ئەوەیان سیمای دەرکەوتەی تاکە شارێك نیە، بەڵکو تەواوی ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کەشوناسی شاری کوردیی بەخۆیان دەبەخشن.

بۆ ئەوەی ستایشی شارێك نەکەین لەسەر شکاندنی شارێکی تر پێویستمان بەوە هەیە دەرگای ڕەخنەگرتن لەشار بکەینەوە، تائەو ساتەوەختەی کە ڕەخنەلە شار ناگرین ولەشوێنیدا گرێی شارچیەتی لەناو خۆمان گەورەدەکەین، لە ڕاستیدا نامانەوێ ئایندەیەکی گەشبین بۆشار بێتە دیی، بۆیە ئەوە تەنها خوێندنەوەی ڕەخنەیی لەسەرجەم ئاستەکانە دەتوانێ پێمان بلێت ئێمە شاری خۆمان خۆش دەوێت، شار چیەتی ونوکتەکردن لەسەرشاری ئەوانیتر هەرگیز دەلالەت لەخۆشەویستی شاری خۆمان ناکات، بەڵکو دەلالەتە لەوەهم بوونی ئێمە بەوەی خاوەنی شارین‌وگرفتمان نیە، بەلاَم ئایا ئەو زەمینەیەمان هەیە ڕەخنە بگرین‌و بەلای ئەوانیترەوە بەرۆحی خراپ سەیر نەکرێین؟

دەشێ ئەوە پرسیارنەبێت، بەڵکو گرفتی ئێمە بێت لەبەرامبەر ڕەخنەدا، گرفت بەومانایەی کەترسی درووست کردبێت، ترسێك وامان لێ بکات، لەترسی دۆڕاندنی شوناسی کۆمەڵایەتی نەوێرین ڕەخنە بگرین، بەلاَم ئاخۆ تازەگەری لەکایە سۆسیۆلۆژیەکاندا دنیایەکی قبووڵ کراوە؟ کاتێ قبووڵ کراو نەبێت، هێندەی هێرش دەکرێتە سەری بەبیانووی لادان لەنەریت، کەلەڕاستیدا ئەوە گۆڕان‌وگەشەی کۆمەڵایەتیە.

بۆیە تاوەکو چاوەڕوانی دۆخێك بین کە ڕەخنە تیایدا قبووڵ کراو بێت، دەبێ تا ئەو کاتە بێدەنگ بین لەهەموو ئەو تراژیدیایانەی کە هەڕەشە لەئایندەمان دەکات، بەمانایەکی تر ناکرێ ئومێدمان بەئایندە بێت‌و بڕوامان بە ڕەخنە نەبێت.

مەبەستمان لە ڕەخنەش بەمانای بەشداریی کردنە لەزانستە نوێیەکانی ڕەخنە، کە بتوانین چەمك‌و زاراوە ڕەخنەییەکان دەربخەین، نەك لە ڕوانگەی ڕقی خودێتیەوە کۆمەڵێك بۆچوون دەربڕین‌و ناوی بنێین ڕەخنە، ئێمە ناتوانین ڕەخنە بگرین تاوەکو بڕوامان بەمیتۆد نەبێت، ئەوبیانوەی پێشی وایە میتۆدەکانی خۆرئاوا ناتوانن دنیای کوردیی بخوێننەوە، بیانویەکی لاوازەو پەیوەندیی بەتێنەگەیشتنی ئەوانەوە هەیە لە میتۆد، ترسە لەمیتۆد ولاوازیی توانای مەعریفە خۆیان، ئەوە ئەوانن ناتوانن بەچەمکە نوێیەکانی ڕەخنە دنیاکەمان بخوێننەوە، نەوەکو ڕەخنەی خۆرئاوا.

ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین شاری هەولێر وەك نمونەیەك لەناو ئەو ووتارەدا وەربگرین، بەوەی چۆن وەك نمونەی شاری کوردیی وەریدەگرین‌و ناشی شارینەوە بەپێی پێویست هەوڵ دەدەین ئەو چەمك‌و زاراوە ڕەخنەییانە بۆ خوێندنەوەکە بەکار بێنین.

نەوەك خۆمان وابەستەی تەواوی میتۆدێکی دەست نیشان کراو بکەین.

ئەگەرچی زیاتر پشت دەبەستین بەچەمکەکانی(جیاوازی..نووسین..زمان..سێنتەر..بونیاد..دەنگ.. لۆگۆس) کەئەوانەش چەمکە سەرەکیەکانی ڕەخنەیی میتۆدیی هەڵوەشاندنەوەگەرایین.

ئێستا کاتی ئەوەیە نمونەی ئەو ووتارە وەربگرین، کەهەر لەوێوەش دەچینە ناو بابەتی خوێندنەوەمان بۆشار.

دەنگ لە ژیانی ئێمەدا بەتەنها سەدایەك نیە کەلەزارمان دێتە دەرەوە، بەڵکو ئاماژەیەکی نێرەرە کەدواتر دەبێت بەدالێك‌ولەناو سیستمی زمان خاوەنی دەلالەتێکی سەربەخۆیە، ئێمە لەبەرامبەر ئەو دەنگەی دەبێ بەدەلالەتی"هەولێری دواکەوتووە، ئەوان بێ عەقڵن، وکەسانێکن ژنیان نەدیووە" چیدیی لەبەرامبەر ئەو دەستەواژەیە لەبەرامبەر شارێکدا نە نەفی دەکەینەوە وە نەسەرمان بۆی دەلەقێنین، هێندەی ئەو دەنگە دەگوازینەوە ناو نووسین، لەناو نووسینیش سێنتەری دەنگ لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی بونیاد، سیستمی زمان لەناو ئەو دەستەواژەیە ڕێکدەخەینەوە، بەلاَم بەر لەوەی هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی سێنتەر بدەین لەهەولێر، پێویستمان بەوە هەیە سەرەتا هەڵوەستەیەك لەسەر ئەو دەستەواژەیە بکەین، بەوەی ئایا گریمانەیەکی ڕەخنەییمان هەیە لەپشت ئەو دەستەواژەیەوە، یاخود تەنها دەنگێکی سۆفیستاییە؟

بۆئەوەی وەلاَمی ئەو پرسیارە بدەینەوە دەستەواژەکە دەبەینەوە سەر سێ بەش، کەبەهەر سێکیان لە ڕستەدا گوزارشت لەدواکەوتوویی هەولێریی دەکەن.

1-هەولێریی دوا کەوتووە

2-ئەوان بێ عەقڵن

3-کەسانێکن ژنیان نەدیوە

دواکەوتن لێرەدا هەڵگری حەقیقەتێکی کۆمەلایەتیە بەوەی هەولێریی خەڵکانێکن ناگۆڕێن وبەرەو پێش ناچن، لەپشت ئەو گریمانەی دەنگە بەهیچ جۆرێك چەمکی مێژووگەرێتی ئیش ناکات، هێندەی دەنگێکە دەیەوێ شارێك لەناو دواکەوتن کورت بکاتەوە، چونکە دواتر ئەو دەنگە توانای دەست نیشانکردنی جیاوازیی نیە.

جیاوازیی ئەوچەمکەی دەکەوێتە نێوان هەولێر لەگەڵ شارەکانی تر، ئەوەیان دواترلە هەڵوەشاندنەوەی سێنتەری شار دەگەڕێینەوە سەری.

لەبەشی دووەمی دەستەواژەکەدا گریمانەیەکی ئێمە نییە، بەڵکو دەنگێکی هەمیشەیی شارەکانی ترە پێمان دەڵێت(ئەوان بێ عەقڵن).

ئەگەر(ئەوان)ئاماژەبێت بۆشارێك کە هەولێرە، بەلام(بێ عەقڵن) ئەگەرچی ئاماژەبێت بۆدانیشتوانی شارێك، بەلام ئاماژەیەکە هەڵگری چەمکێکی دەلالی نیە، بەوەی مەبەستی چییە لەوناونانە؟ ئایا عەقڵ پرۆژەیەکە هەڵگریی بیرکردنەوەی عەقلانی ئەو کۆمەڵگاییە کەپەیوەستە بەگوتاری ئاینیوکۆمەلایەتی؟

ئەگەر وابێت ئەو گریمانە بێ عەقڵیە هەرەس دێنێت، وەگەر مەبەستیش لەگۆڕینی عەقڵ بێت، ئەوە دەنگێکە بێمانایی خۆی نمایشت دەکات، چونکە ئەوە شارە نوێیەکانن دەتوانن زووتر ڕەخنە لەعەقڵ بگرن، نەك شارە مێژووییەکان.

بۆیە ئەو برگەیە هەڵەیەکی میتۆدی مەزنە، هەڵەیەك جگەلە دەنگێکی سۆفیستایی کەنەوەیەکی بێئاگا لەمەعریفە بانگەشەی بۆ دەکات، دەلالەت لەشتێکی تر ناکات.

دەستەواژەی(کەسانێکن ژنیان نەدیووە)ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ داخرانی شار، بەوەی سیستمی پەتریارکی تیایدا بالا دەستە، دیارە ئەو دەنگە کێشەی لەگەڵ هۆکارەکان نییە، هێندەی گەیشتنیەتی بە دەرەنجامێك، ئەوەش ئەنجامی توێژینەوە نییە، هێندەی بینینی ڕواڵەتیانە بۆ شارێك ئەو بڕیارەی پێدەدات، کەئەوەیان لەپاڵ خاڵەکانی تر دەگەڕێینەوە سەریی.

با ئێستا پرسیاری ئەوە لەخۆمان بکەین: هەولێر چییە؟شارێکە بەتەنها کۆمەڵێك بەشەری تێدا دەژیێت؟ بەلام ئەوان لەشارەکانیتر جیاوازن؟ جیاوازیەکانیان لە چیدایە؟

بۆئەوەی لەچەمکی جیاوازی ئەو شارە تێبگەین، دەبێت جارێ توانای درککردنمان بەسێنتەر هەبێت، سێنتەری هەولێر چییە؟ هەڵوەشاندنەوەی سێنتەر پەیوەندیی بەچیەوە هەیە؟ ئایا لەنێوان سێنتەرولۆگۆس(عەقل)دا پەیوەندیەك هەیە بەشداریی لەگوتاری هەولێریی بوون بکات؟

هەڵوەشاندنەوەی سێنترالیزمی لۆگۆسی لەو شارە، هەڵوەشاندنەوەی(شوێن/عەقل)ە، چونکە سێنتەر بەتەنها پەیوەست نییە بەبیرکردنەوە، بەڵکو(شوێن)یش بەشدارە لە بەرهەم هێنانەوەی سێنتەر، ئەو بەشداریکردنەی شوێن پەیوەندیی ڕاستەوخۆی شارە، کەدیارە پرسیاری سێنتەر لەهەولێر چییە؟ پرسیارێکە پێویستی بەتێرامان نییە، هێندەی وەلامێکی ڕوونی هەیەو پێمان دەڵێ (سێنتەر قەلایە)، بەمانای سێنتتەر ئاماژەیەکی مێژووییە بۆ ڕابردوی شار، ئەوەش هاوکاریی ئەوەمان دەکات، کە تاڕادەیەکی زۆر بتوانین خاسیەتە مێژوویەکانی ئەو شارە جیابکەینەوە لەشارەکانیتر.

بەلام ئایا هەڵوەشاندنەوەی سێنتەر مانای هەڵوەشاندنەوەی قەلا هەڵگری چ ڕەهەندێکە؟ هەڵوەشاندنەوە لەو سیاقەدا چ مانایەکی هەیە؟ ئەوە ڕووخانی ئەو شوێنەوارە مێژووییە نیە بۆ دژایەتیکردنی مێژوو بەوەی پرۆسەیەکی ئەرکیۆلۆژیی بێت، هێندەی هەڵوەشاندنەوەیەکی تیۆرییە، ئەوەش دەلالەت لەگوتاریی هەولێریی بون دەکات، کاتێ سێنتەری گوتار هەڵوەشێنرێتەوە، مانای وایە بونیاد سەرلەنوێ ڕێکدەخرێتەوە، ئەو ڕێکخستنە سیستمی پێشووی گوتار نییە ڕێکدەخرێتەوە، هێندەی نووسینەوەی ئەو پەیوەندییە کە دەکەوێتە نێوان بونیادەکانەوە، خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییە بۆ بونیاد نەوەك ستایشکردنی گوتار بێت لە ڕێگەی بونیادەوە.

ڕەخنەگرتن لەبونیاد ڕەخنەیەکە ئیشکردنی خۆی لەناو خوێندنەوەکە فراوان دەکات، بەوەی عەقڵ لەناو بونیادەوە ڕەخنەی ئاراستە دەکرێت.

ئەوەش گومانکردنە لە بیر کردنەوەی ئەو عەقڵەی کەتائەوساتە وەختە شاریی بەڕێوە بردووە، نەك بەتەنها لەڕووی دەسەلاتی سیاسیەوە، بەڵکو لە ڕووی دەسەلاتی کۆمەلایەتیشەوە، کەئەو دەسەلاتە لەناو غەیبانیەتی عەقڵدا ژیاوە، عەقڵ لەناو پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکانی ئەو شارە ئیشی نەکردووە، هێندەی ئەوە نەریتە شوێنی عەقڵی گرتۆتەوە.

ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی شوناسی سێنتەر(دەسەلاتی ئامادە) بێت، ئەو دەسەلاتە لەناو خۆیدا هەڵگریی دوانەیی بیرکردنەوەی(بوون/ نەبوون)ە، ئەگەر بەهۆی قەلاوە دەسەلاتی ئەو خاوەنی بوون بێت، ئەوا لەدەرەوەی ئەو ڕابردووە، ئەو شوێنێکە لەناو نەبووندا دەژیێت.

پێویستە ئەوەشمان بیر نەچێت کەهەڵوەشاندنەوەی سێنتەر بەتەنها هەڵوەشاندنەوەی مێژوویەك نییە هێندەی پڕۆسەیەکە بۆ تەواوی ئەو بونیادانەی تا ساتەوەختی هەڵوەشاندنەوە بوونە بە میکانیزمێکی ئەکتیف بۆسێنتەر، تەنانەت ئەوەی وایکردووە عەقڵ لەناو غەیبانیەتدا بژیێت ئەوە دەنگە، کەوەزیفەیەکی مەزنی لەناو سێنتەردا پێدراوە.

لەهەر شوێنێك دەنگ بەسێنتەر کرا، مانای‌وایە سێنتەری عەقڵ وون دەبێت، بۆیی ئێمە لەبڕی ئەوەی ڕەخنە لەسێنتەری ئەو عەقڵە بگرین، پێویستە بەسێنترال بوونی دەنگ فەرامۆش نەکەین، ئەو بەسێنترالْ بوون بەردەوام بکوژی بیرکردنەوەیە لەئێستادا بەوەی دەنگی(هەولێر کۆنترین شاری مێژووییە)و(قەلای هۆلاکۆ شکێن)دوو دەنگن شوێن کورت دەکەنەوە بۆ ناو سیاقێکی مێژوویی‌و بەوکارەش دەنگ دەبێ بە سێنتەرێك، کەنەوەکان لەناو دەنگدا ئامادە بوونێکی مێژووییان هەیەو لەناو نائامادەبوونێکی هەنوکەییدا دەژین، کۆکردنەوەی دەنگ بەدەوری قەلاْدا وەستاندنی عەقڵە لە شێوەی سێنتەر، کەدواتر ئەوەی دەبێت بەگوتاریی هەولێریی..گوتارێکە لەنێوان سێنتەرولۆگۆس، دەسەلاْتی ئامادەگی دەنگە هەموویان کۆدەکاتەوە.

بەلاْم بۆچی دەنگ توانای بەسێنترال بوونی خۆی هەیەوعەقڵ نائامادەیە؟ بۆئەوەی وەلاْمی ئەو پرسیارە بدەینەوە نامانەوێ بکەوینەوە دووبارە کردنەوەی بۆچوونەکانی پێشوو، هێندەی مەبەستمانە لەڕێگەی ئەو پرسیارەوە بچینە شەقام وکۆلاْنەکانی هەولێر، یابەمانایەکی تر دەمانەوێ شەقامی هەولێر بێنینە ناو نووسین، ئەوەش هەڵوەشاندنەوەی سیستمی دەنگ‌ونووسینەوەی بونیادەکانی زمانە، بە دواندنی بێدەنگیە لەبەرامبەر ئەو کائینەی پێی دەووترێ(هاولاْتی هەولێریی)ئەو کائینە ناتوانێ لەسیستمی ئامادەگی دەنگ دەربازی بێت، ئەو دەرباز نەبوونە کردویەتیە کارەکتەرێکی شەرمنی شار، کارەکتەرێك بەئاکاری لادێ دەجولێتەوە، بەوەی هەموو ژیانی لەناو مزگەوت‌ومالْ‌وخوێندنگا وەك کەسێکی بێدەنگ دەباتە سەر، ئەوە مەلاومامۆستاوباوکن ئامۆژگاریی دەکەن کەچۆن بجولێتەوە، دەنگی ئەو سیمبولانەی دەسەلاْتە وێنای ژیانی بۆ دەکەن، وێنا کردنێك کە دەنگ لەلای دەبێ بە دەسەلاْتی عەقڵ، ئەو کارەکتەرە شەرمنە لەناو سەردەمی حیکایەتە مێژووییەکاندا گەورە دەبێت، شکاندنی هۆلاکۆو سەرکەوتنەکانی ئیسلام‌و تا دەگاتە حیکایەتەکانی پێشمەرگەو خولْقاندنەوەی ڕەمزە ئەفسانەییەکان لەناو حیکایەتدا.

بۆیە ڕەخنەگرتن لەعەقڵ دەبێ بەیەك پڕۆژە لەبەرامبەر ئەو کارەکتەرە بەوەی هەڵوەشاندنەوەی سێنتەر لەدەنگ‌ولۆگۆس یەك پڕۆژەی هەڵوەشاندنەوەگەراین بۆ سێنتەر، دەبێ بڕوامان بەوە بێت ئێمە لەو سەدەیەدا لەناو سەردەمی مردنی حیکایەتە گەورەکانداین، تابڕوامان بە حیکایەتەکان پتەو بێت، دەبێت ئەوە قبوولْ بکەین کە دواکەوتوویی شوناسی هەولێر بێت.

بڕوانەبوون بەمردنی حیکایەت..کوشتنی سیماکانی ژیانە، نەك ئەو ژیانەی لە ئێستادا دەژیین، بەلْکو ژیانێك لە ڕابردوودا ئەگەریی زندەگی بوونی تیا بوو، بەلاْم ئەوە حیکایەتە گەورەکان بوون هەولێریان کردە شارێکی دواکەوتوو، بابگەڕێینەوە بۆ نێو هەر مالْێکی دواکەوتووی ئەو شارەوسەیری ئەلبومی وێنەی ئاهەنگێکی سی سالْ لەمەوبەر بکەین، تووشی ڕاچەنینێکی سەیر دەبین لەنێوان جل‌وبەرگی ئاهەنگەکان لە دوێنێ‌وئەو جل‌وبەرگانەی ئەمرۆ ژنان لەم شارەدا دەیپۆشن، ئەگەر لەوێنەکان ووردتر ببینەوە، ئەوسا ئەو خەندەیەی کەوتۆتە سەرسیمای ژنەکان لەئاهەنگەکانداو وەستان لەبەردەم فلاشی کامێرادا، پرسیاری یادەوەری لەئێستادا پرسیاری وەستاندنی زەمەنی ئاهەنگە، بەوەی پێمان دەلْێ: بەرلەچارەگە سەدەیەك ئێمە وا ژیاین، کەچی ئێستا ژیان هەڕەشە لەئایندەتان دەکات، بۆچی ئەو گەڕانەوەیە بەرەو دواوە؟

هێشتا زووە وەلاْمی ئەو پرسیارە بدەینەوە، چونکە ئێمە پێویستمان بەقسەکردنە لەو زەمینەیەی ئەو شارە ئامادە دەکات بۆ دواکەوتن.

دیارە چەندە حیکایەت ڕۆلێکی کاریگەری هەیە لەسەر ئەو دواکەوتنە، ئەوە دەسەلاْتی دەولْەتی عیراقی بێلایەن و بێگوناه نیە لەبەرامبەر ئەو شارەدا، کاتێ دەیەوێ بیکاتە شارێك کەبێدەنگی بکات وتەواوی دامەزراوەکانی ئەو شارە بکات بە دامەزراوەکانی بەعسیزم، هەرلە پتەوکردنی بارەگاکانی بەعس‌و تادەگات بەبوونی دامەزراوەکانی ئەمینداریەتی لەژێر دەمامك‌و بیانووی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌و، دواتر کۆنترۆل کردنی هەولێر وەك بەغدایەکی بچووك، بەوناوەی کەئەو شارە(پایتەختی هاوینەی عیراقە).

لێرەوە ئەگەریی ژیان بوون لەو شارەدا کۆنترۆڵ کردنی هەموو دامەزراوەکانە، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی وەزیفەی گەشە سەندنی کۆمەلاْیەتی لەدامەزراوە کۆمەلاْیەتیەکان بسەنرێتەوەوتەسلیمی دامەزراوەکانی بەعس بکرێتەوە، بۆیە کاتێ دامەزراوەکان لەپێناو بەعسدا دەخرێنە کار هەولێریی وەك کارەکتەرەکانی شارێکی دوا کەوتوو دەرناکەون، ئەوکاتەی دامەزراوەکانی بەعس لەململانێدان بۆ سروود ووتن بەسەر جەللادوجەنگە دۆڕاوەکەی، هەولێریی گۆرانی(زێڕە)دەلْێت، بەلاْم زێڕە بەدەنگی کۆمەلْە کچ دەوترێت، ئەو ڕێژەیە بەمانای پێشکەوتنی کۆمەلاْیەتی نییە، بەومانایەی بەعس دەرفەتی گەشە سەندنی ئەو شارە دەدات، بەلْکو ئەوە گەشە سەندن‌وئامادەبوونی بەعسە، بەلاْم لەگەلْ ئەوەشدا با ئەوەمان بیر نەچێت، ئەوە ژن نییە نائامادەیە، بەلاْم بەعس کۆنترۆلّی دەکات، ئەگەر لەناو شەقامی ئەو شارەدا ئەو خانمانە بەکەسی بەعسی‌وبەد ڕەوشت ناو ببرێت، ئەوە ئەو ڕۆحیەتی حیکایەتەی ناو ئەوشارەیە.

ئەگەر بیانووی ئەو بەد ڕەوشت کردنە بۆئەوە بێت ئەوان گۆرانی بۆ جەللاد دەڵێن، جارێ هیوام وایە خوێنەر واتێ نەگات من داکۆکی لەو گۆرانیە دەکەم، نا بەڵکو بە پێچەوانەوە، زێڕە گۆرانیەکە تا ئێستا پەڵەیەکی شەرمەزاریە بەناوچەوانی هەولێریەوە، بەلاّم با ئەوەمان بیرنەچێت ئەوە هەموو دەنگی ژنە گۆرانی دەڵێت، وەك ووتمان ئەگەر بیانومان ئەوە بێت ئەوانە بەد ڕەوشتن، گەر وانەبوایە گۆرانیان بۆ جەللادێکی دەست بەخوێن نەدەووت، بانمونەیەکی تربێنینەوە، نمونەیەك لەپێناو شکست هێنان بەو بیانووە، هەردوو گۆرانی(هۆپ زەندان)و(ئەی مینە عەمرم مینە)ی خانمە گۆرانی بێژ(ڤیان فایەق)و گروپەکەی کە خوێندکاری پەیمانگای خانەی مامۆستایانی کچان بوون، ئەو دوو گۆرانیە دەشێ وەك گۆڕانێك بۆ عەقڵی کۆمەلاّیەتی ئەو شارە سەیر بکرێت، بەلاّم دەبینین ئەو ڕۆحیەتە دواکەوتووە، کەهەر دەنگی ناو حیکایەتە کۆنەکانە ناوی بەد ڕەوشت وسۆزانی لەو گروپە دەنێت.

ئەوە ڕۆحی حیکایەتە لەناو ئەو شارەدا بەردەوام خۆی زیندوو دەکاتەوە، دەبێ ئەو ڕۆحە بکوژرێت لە ڕێگەی هەڵماڵینی دەمامکە خورافیەکانی ژیانی بەرەو دواوە بردووە.

ئێستا کاتی ئەوەیە قسەلەو هۆکارانە بکەین، کەلەپشت دواکەوتوویی هەولێریی وەستاوە، ئەوانەش بۆ دوو هۆکاریی سەرەکی دەگەڕێنینەوە، هۆکاری یەکەم پەیوەندیی بەدەسەلاّتی دەوڵەتی عیراقیەوە هەیەوئەویتریشیان پەیوەستە بەقۆناغی یەکلاکردنەوەی شارەکان لەشەڕی حزبە کوردیەکاندا، کەلێرەدا هەوڵ دەدەین لەسەر هەریەك لەو دوو هۆکارە بوەستین.

هۆکاریی یەکەم کە بە (پڕۆسەی بە گوند کردنی هەولێر) ناوی دەبەین، پڕۆژەیەکی بەعسە، بەدوای شەڕ وەستاندنی لەگەڵ ئێران هەڵدەستێ بەتێکدانی گوندەکان، ئەو تێکدانە درێژەی پڕۆژەیەکی بەعسیزمە بۆ لەیەکچوونی گروپە جیاوازەکان، بڕیاریی بە فەرمانبەرکردنی کرێکاران وتێکدانی گوندەکانو ڕێکخستنەوەی لەناو شارەکاندا هەوڵێکە بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندیەکان لەشێوەی سیستمی گوندییوئەوەش کۆنتڕۆڵ کردنی گیانی هاولاّتیانە لەناو دامەزراوەکانی بەعس.

بەتێکدانی گوندەکان بەعس تەنها لەخەڵکی گوندەکان دڵنیا نابێت بەوەی نابنەوە بەشێك لەناو شۆڕشی کوردیی، نا بەڵکو سیمای پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردیی دەگۆڕێت، بەوەی گوندیی کاتێ دێتە شار ئیدیی پڕۆسەی بەگوندبوونی هەولێر دەست پێدەکات، بەوەی پەیوەندیە کۆمەلاّیەتیەکان.. ئەو پەیوەندیە نوێیەی شار دەیهێنێتە بوون، بەو پڕۆسەیە دەیدۆڕێنێت، ئەوشارە دەگەڕێتە ناو پەیوەندیە کۆمەلاّیەتیە داخراوەکانی گوند.

دیاردە کۆمەلاّیەتیە دواکەوتوەکان لەو قۆناغەدا سەرلەنوێ دەست پێدەکاتەوە، سیمای شار بەپێی ڕۆژگار کۆتایی بەخۆی دێنێتوسیستمی خێڵەکی زیندوو دەبێتەوە، ئەو زیندووبونە بەعسیزم وەك ستراتیژێك لەپشتی وەستاوە لەڕێگەی چەکدارکردنی خێڵەوە، ئەو چەکدارکردنە ڕۆڵێکی ئەکتیڤی لەپشت بەبە عسیکردنی خێڵەوە هەیە، ئەوەش دڵنیایی بوونە لەتێکدانی پێکهاتە کۆمەلاّیەتیەکان، بەوەی گوندیی لەشوێن ئەوەی بەشێك بێت لەشۆڕشی کوردیی، ئەمجارە بەشێکە لەناو جەستەی بەعس.

کاتێ خێڵ چەکدار دەکرێت ئەو چەکدار کردنە بەتەنها داکۆکی کردن نییە لە دەسەلاّتی دەوڵەت، بەڵکو گەڕانەوەی سیستمە خێڵە بۆ کۆمەڵگا، ئەو سیستمە زەمینەیەکی پتەوە بۆ دواکەوتنوشکست پێهێنانە بەهەر گەشەیەکی کۆمەلاّیەتی کە ئەو شارە بەخۆیەوە بینیووە.

ئەگەر لێرەدا ڕووبەرووی ئەو ڕەخنەیە ببینەوە، کە شارەکانی تریش لەناو هەمان دۆخدا ژیاون، ئەوا لێرەدا خەسڵەتەکانی جیاوازیی شوێن لەشاریی کوردیمان بۆ دەردەکەوێت، ئەوەش پەیوەندیەکی تری سێنتەرە، بەوەی لە هەڵوەشاندنەوەی سێنتەری دەگەین بەو جیاوازیانە، چۆن؟

ئەگەر سێنتەر وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد لە هەولێر قەلاّ بێت، بەلاّم لەهەردوو شاری سلێمانیودهۆك سێنتەر چییە؟

ئەو دووشارە لەدەرەوەی سێنتەرن، بەتایبەت دهۆك ئەوەش پەیوەندیی بەتازەیی تەمەنی شوێنەوە هەیە، هەرچی ئامادەبوونی سێنتەرە لە هەولێر پەیوەندیی بەمێژووبوونی ئەو شارەوە هەیە، شاری مێژوویی بەردەوام زەمینەی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو تیایدا زیاتر لەکاردایە، ڕێك بەپێچەوانەی شاری نوێ.

شارە نوێیەکان نوقمی نێو دنیای تازەگەرین، ئەگەر ئەو تازەگەریە خۆ فریودانی شاریش بێت بە وەهمی مۆدێرنیتی، بەلاّم ئەوەیان بەیەکێك لەسیما ناسراوەکانی شار سەیر دەکرێت، بەتایبەت لە ڕووەی باڵەخانە و پۆشینیجلوبەرگەوە، یابوونی شوێنێکی ستراتیژی وەك شاری دهۆك مانای مۆدێرنیتی ئەو شارە ناگەیەنێت، بەڵکو ئەوە ستراتیژیەتی شوێنە وای کردووە، ئەو شارە ببێت بە کەناڵێك بۆ بەستنەوەی پەیوەندیی بە وولاّتی تورکیاوە، بەلاّم دواتر تەنها وەهمێکی مۆدێرنیتیە، چونکە خاڵیە لەهەر پڕۆژەیەکی عەقلانی، ئەوە وەهمەکانن دەپەڕننەوە ناو ئێمە، وەهمی تازەگەریی دنیایەکی جیاواز، دنیایەك توانای نییە لەناو وەهمەکان دەسبەرداریی خوڵقاندنی مێژوو بێت، بۆیە شارە نوێیەکانی ئێمە بەردەوام لەناو(گرێی مێژووبوون) دەژیێن، ئەو گرێیە دەلالەت لەوەهمەکانی تازەگەریەکەی قووڵتر دەکاتەوە.

با شارێکی وەك سلێمانی بەنمونە وەربگرین، ئەو شارە چەندە لە ڕووکەشدا لەهەوڵی گەڕانە بەدوای شوناسی مۆدێرنیتی. بەڵام شارێکە لەناو ئەو دنیا نوێیە خەونی(سێنتەر)و(مێژوو)ی هەیە، ئەو خەونە بەردەوام وامان لێ دەکات گومان لەشوناسی مۆدێرنیتی ئەو شارە بکەین، بۆیە ئەگەر هەر لەناوانانی شوێنەوە سەیر بکەین، کەتا چەند ئەوشارە مێژوو بنیات دەنێت، بەوەی دەیەوێت مێژوویەك بەشوێن ببەخشێت لە ڕێگەی پرۆسەی ناونانەوە، (دارە سوتاوەکە، شەقامی سالم، سەهۆڵەکە، ئەسحابە سپی، فلکەی خاڵە حاجی، ..هتد)بەڵام پرسیارەکەی ئێمە لێرەدایە: ئایا هەریەکە لەو شوێنانە توانای بوونە سێنتەریان هەیە؟ کاتێ نەشبنە سێنتەر پەیوەندیی بە بونیادی پێکهاتەی شوێن وڕابردووەکەیەوە هەیە، ئەگەرچی ئەوەیان شکستێك نییە بۆ ئەو شارە هێندەی دەکرێت، وەك ئومێدێك بۆئایندە سەیری بکەین، بەوەی سیماکانی شاریی نوێی تیا بنیات بنرێت، لەسەر ئەوبنەمایانەی کەدنیای مۆدێرنیتی بەرهەمی دێنێت، نەك گەڕانەوە بۆمێژوو، ئەوە هەڵوەشاندنەوەی سێنتەرە دەتوانێ سلێمانی بکاتە شارێکی مۆدێرن، نەوەکو بنیاتنانی سێنتەر.

چونکە لەنێوان هەولێر وەك شارێکی مێژوویی‌و سلێمانی‌ودهۆك وەك شاری نوێ دەکرێت کۆمەڵێك خەسڵەتی جیاواز لەنێوان ئەو دووشێوە لە شار بدۆزینەوە، بەڵام چونکە نووسینەکەی ئێمە بەو مەبەستە نییە بۆیە خۆمانی لێ لادەدەین ودەکرێت لەنووسیبنی ترو یاخود لەهەوڵی کەسانی تر ئەو کارە ئەنجام بدرێت.

ئەگەر هۆکاریی یەکەم بۆ دواکەوتنی هەولێریی، ئەوە بەعس بێت لە پشت بێدەنگکردن وگەڕانەوە بۆ سیستمی خێڵەکایەتی ئەو شارە وەستا بێت، ئەوە هۆکاریی دووەم تەواو جیاوازە بەوەی قۆناغو ئەزموون‌و دەسەڵاتێکی سیاسیترە کە لە پشت دواکەوتوویی ئەو شارە وەستاوە، ئەو قۆناغەش ناو دەبەین بە پڕۆسەی(بە مووسوڵمانکردنی هەولێریی).

لەگەڵ سەر هەڵدانی ڕاپەڕین وهاتنی ئەزموونێکی نوێی ژیان بۆ کۆمەڵگا، ئەم شارە دەکەوێتە قۆناغێکی ترەوە، قۆناغێك ئەگەر سەرەتا لەناو وەهمی جیاوازیی خەونی گۆڕان‌و ڕزگاربوون لە دواکەوتوویی ببێت بە پڕۆژەی، بەڵام دواتر ئەو وەهمە بەتەواویی دەڕەوێتەوە، بەتایبەت لەگەڵ دەست پێکردنی شەڕی هەردوو حزبەکە، ئەوشارە دەبێتە سێنتەرێك بۆ ململانێی سیاسی.

ئەگەر لەیەکلاکردنەوەی سەرەتای شەڕەکە کاتێ پارتی لە هەولێر دەردەکرێت وبەرەو مەسیف دەڕواتەوە، ئەو یەکلاکردنەوەیە سەرەتای بەریەککەوتنی یەکەم لێدانە لەو شارە، بەوەی بەناوی پارتی بوون لەبەشێکی ئەو شارە دەدرێت، بەڵام ئەو لێدانە نابێتە قۆناغێك بۆ دواکەوتن، هێندەی دەبێتە بنیاتنانی زەمینەیەك بۆ ترساندن، کەلەگەڵ گەڕانەوەی پارتی لە سی‌ویەکی ئابی نەوەت‌وشەشدا، بەتەنها بەناوی یەکێتی بوون لەبەشێکی تری هەولێریی نادرێت، بەڵکو ڕاوە هەولێریی لەژێر ناوی ڕاوە جەلالی دەست پێدەکات، بۆچی؟

چونکە ئەگەر دانیشتوانی ئەو شارە ژمارەیەکی زۆری هەرلەکۆنەوە خۆی بەیەکێتی بزانێت، وەك زانراویشە خەڵکی ناو شار ژمارەیەکی کەمی نەبێ ئەویدیی لەناو شار ناڕوات، بۆیە لەمانەوەی شار یا ئەوەتە دەبنە پارتی‌و ڕاوی هاوڕێکانیان دەکەن، بەمانای ئەوەی دەبنەوە بەشێك لە هێزی ڕاوچی، یاخود ئەوەتە پەنا دەبەنە بەر هێزێکی تر کە گومانی یەکێتی بوونیان لەکۆڵ بکاتەوە، کەدیارە چۆن پارتیەکان ئامادەنین ببنە یەکێتی، بەهەمان شێوەش یەکێتیەکان ئامادەی بوونە پارتیان تیا نیە، کەئەوەشیان زیاتر دەلالەت لەململانێی کۆمەڵایەتی دەکات نەوەك سیاسی.

بۆیە ئەو هێزەی یەکێتیەکانی هەولێر ئینتیمای بۆ بکەن، ئینتیمایەك کە لە لایەك لەگەڵ فکروبۆچوونیان بگونجێت ولە لایەکی تریش چوونیان بۆناو هێزێك بێت گومانی پارتی بڕەوێنێتەوە، ئەوە تەنها حزبە ئیسلامیەکانن، ئینتیما کردن بۆ ناو ئەو هێزە چەندە ڕزگاربوونی ئەوان بوو لە هەڕەشەی پارتی، بەڵام ئەو ئنتیمایە خاڵی نەبوو لە هەوڵی دواکەوتن وگەڕانەوەی ئەو شارە بۆ دواوە، بەوەی بووە هۆی ئەوەی پڕۆسەی بەموسوڵمانکردنی هەولێریی دەست پێبکات، ئەو پڕۆسەیە بەو مانایە نییە کە ئەوان موسوڵمان نەبوونەوئەو چوونە موسوڵمانیان دەکات، بەڵکو مەبەست لەو پڕۆسەیە ئەو ئینتیما ئایدیۆلۆژییە کە حزبە ئیسلامیەکان هەموو ژیان لەناو ئاین کورت دەکەنەوە، ئەوەش گەڕانەوەیەکە بۆ یاسای حەلاڵ وحەرام، بەمانای ئەوەی هەر دامەزراوێکی مەدەنی کە بەرهەمی ئیسلام نەبوو ئیدیی ئەوەیان حەرامە.

ئەوەش پڕۆسەیەکە لەناو خۆیدا کۆنترۆڵی هێزوتوانای زمان دەکات، بەوەی زمانی مرۆڤەکان زمانی کۆمەڵە کەسانێك نین کە مومارەسەی ژیان دەبێتە هۆی بیرکردنەوە، بەڵکو ئەو زمانە بارگاوی دەکرێت بە سیستمێکی حەرام‌و ڕۆچوونە بەناو هێزی ئاین، بەڕادەی ئەوەی ئیدیی حەرامەکانی ئاین هێندە بەناو ڕەگی ئەو شارەدا دەچنە خوارەوە، دەبنەوە شوناسی حەرامی کۆمەڵایەتی.

هەربۆیە حیجاب کردنی ژن لەو شارەدا چیتر وەزیفەیەکی ئاینی نییە، بەڵکو هەڵگریی وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتیە، بۆئەوەی ژن لەو شارەدا شوناسی بە ڕەوشت وەدەست بێنێت، دەبێت سەرپۆشی بەسەرەوە بێت.

ئەو سانسۆرکردنەی ژیان وا دەکات هەولێریی بەتەنها بەرەو دواوە نەگەڕێتەوە، بەڵکو مۆدێلێکی سەلەفی نوێ دێنێتە بوون، ئەوەش وازهێنانە لەگەشە سرووشتی‌وکۆمەڵایەتیەکانی ژیان‌وچۆڵ کردنی هۆڵی شانۆوبەهەند وەرنەگرتنی ئێنتەرنێت‌و لەهەمووشی سەیرتر چۆڵ

کردنی باخچەکان لە عاشق، لەشوێنی ئەوە عەشق دەبێتەوە بە حیکایەتێکی بەسەرچوو بۆیە میدیای کوردیی لەو شارەدا بۆئەوەی ببێتەوە بەشێك لە بەرهەم هێنانەوەی حیکایەت پشت بەحەیران دەبەستێتەوە ئەو ڕەگەزو ژانرە هونەریەی خاڵی نیە لەتراژیدیاو مەرگ بۆکۆتایی دنیای عەشق، بۆیە ئەوە (حەسەن سیساوە)یە دەبێتەوە پاڵەوانی ماڵی هەولێریی لەوەی خەجوسیامەندوئەسمەری کابایز جگەلە دنیایەکی ئەفسوناوی نێو حیکایەت شتێکی ترنین، دواجار ئەو حیکایەتەش بەجۆرێکی تری حەرام سەیر دەکرێت، چونکە هەموو خاسیەتەکانی کۆمەڵگای دینی لەو شارە دا خۆی قەیم دەکات، بەوەی دەزگاکانی پۆلیس وئاسایش دەبنەوە بەشێك لەهێزی ئاین، هێزێك هەموو هاولاتیانی ئەوشارە لەمزگەوتەکاندا لەووتاری ڕۆژی هەینی کۆدەکاتەوە بۆئەوەی هەستی گوناهباریان لەناو درووست بکەن، ئەو گوناهباریەتیە هانیان دەدات بۆتوندوتیژیی، کەکاریگەرترینیان خوتبەکانی(مەلا بەشیر)ە، ئەو پیاوە لە ڕێگەی ڕەوانبێژیەکی ئاینیەوە هەوڵیدا گەنج لەو شارەدا برووژێنێت بۆ شەڕ کردنو ئاژاوە نانەوە لەشارەکەدا بەوەی پێویستە ئەوانەی لە مزگەوت نینو گوێ لە مەلاکانی وەك ئەو ناگرن بکوژرێن، ئەو ووتارانە خاڵی نین لەکاردانەوە، وەك بینیمان لە ڕۆژێکدا بەر لە چوونە نوێژی هەینی گەنجە ڕیشدارەکان ویستیان بیسەلمێنن کەئەوان دلسۆزی ئەو خوتبانەن، بۆیە لە چرکەیەکدا دووکۆمۆنیستیان کوشت.

ئەوەی لەهەمووی سەیرتربوو ووتارەکانی ئەو پیاوە لەهەموو تەلەڤزیۆنەکان پەخش دەکراودواتریش دەخرانە سەر کاسێتولەبازاڕدا دەفرۆشران، ئەو کاسێتانەی کەهانی گەنجیان دەدا بۆ تیرۆرو دەزگاکانی ئاسایش لەو شارەدا نەك تەنها بێدەنگ بوون بەڵکو دەنگی خۆیان بەبەشێك لە دەنگی ئەو ووتارە دەزانی، تا ئەو ساتەوەختەی کەهەڕەشە نەهاتە سەرخۆیان لێیان نەهاتنە دەنگ بەڵام دوای چی دوای ئەوەی زەمینەی کۆمەڵگای دینی تەواو پتەو بوو.

لەکۆتاییدا دەبینین میکانیزمی دواکەوتنی ئەو شارە چەندە پەیوەندیی بە سێنتەربوونی هەولێروخوڵقاندنەوەی حیکایەت هەیە، بەڵام ئەوەی هۆکاری مانەوەو گەشەی دواکەوتنە ئەوە بەعسو حزبە ئیسلامیەکانن، ئەو دوو هێزە وەك دوو ئایدیای تاك ڕەهەند، مۆنۆپۆلی هەموو چالاکیەکانی ژیان دەکەن، وەك چۆن یەکێتیو پارتی بێگوناه نین، بەڵکو ئەوان زەمینەیەکی پتەویان بۆ دواکەوتن لەوشارە بنیاتنا، زەمینەیەك خەونی گۆڕان لە ئێستادا شکست بێنێتو چیتر ئومێد بەو دوو هێزە لەو شارە بوونی نەبێت، بۆیە زۆرینە خەونی وابەستە کردەوە بە داهاتوویەکی نادیار، بەوەی ئەوە ئاینە توانای هاتنە دیی خەونی هەیە.

کاتێ خەون تەسلیمی دنیای ئاین دەکرێت، مانای وایە هیچ بەهایەك بۆ ئێستا بوون نامێنێت، ئەگەر ئەوە ستراتیژیی حزبە ئیسلامیەکان بێت لەبەرامبەر هەموو شارە کوردیەکان، بەڵام ئەوەی دەبێتە بەر پرسیار بەرامبەر بەو کارە، ئەوە ئیسلامیەکان نین، چونکە ئەوان ستراتیژیی حزبیان بەرەو ئەو شوێنەیان دەبات، بەڵکو بەر پرسیار ئەو دوو دەسەڵاتە کوردیەن، بەتایبەت پارتی کەلە ماوەی مومارەسەی دەسەڵاتی لەو شارەدا، هێزێك بووە لەسەر بێدەنگ کردنی هەولێرو بە موسوڵمانکردنی وەستاوە.

بۆیە دەبێت دەسەڵاتی سیاسی بە بەر پرسیاری یەکەم بزانین نەوەك لایەنگرانی ئەو دەسەڵاتە نوکتە لەسەر ئەو شارە بکەن، بەڵکو پێویستە ئەو نوکتەیە بچێتە ئاستی ترەوە، چونکە با ئەو ڕاستیەمان بیر نەچێت شارێك عەبدو لخالق مەعروفی هەبووبێت هەق نیە لەبەرامبەر هەموو ئەو خەوشانەی ئەمرۆ دێنە ناو ئەوشارە بێدەنگ بین، ئەوەش لەو ڕێگەیەوە نا کەبڵێین هەولێریی دوا کەوتوو نین، نەخێر ڕێك بەپێچەوانەوە، پێویستە بوێری ئەوەمان تیابێت قسە لەو دواکەوتنە بکەینو ئەو ڕابردووە نۆستالۆژیەی دەیەوێت ببێت بەگوتاریی هەولێریی بوون هەڵیوەشێنینەوەوتا ئەو شوێنەی دەگەینە سەر سیستمی دەنگوبونیاد ڕەخنە بگرین، و دەبێ لەو کارەشدا ئەوەمان بیرنەچێت ئێمە چەندە لەوباسەدا لەسیاسەت نادوێین بەڵکو قسە لەشارێکی مێژوویی دەکەین، بەڵام لەهەر شوێنێك کەپێویست بکات پێویستە شوناسی بێگوناه نەدەینە هێزە سیاسیەکان بەڵکو لە شوێنی بەر پرسیاریەتیدا تەواو گوناهباریان دەربخەین ئەوەش دەرفەتێکی ترمان بۆ دەکاتەوە بۆئەوەی لە ڕووی کۆمەڵناسیەوەلەسەر دیاردەی دواکەوتوویی هەولێریی بێینە دوان.